# گەلاوێژ کوشتنی دەنگە جوانەکان و خەلآت کردنی ئاشناکان

## سەرکەوت.ر

لەمێژە من لەفیستیڤاڵی گەلاوێژ ئاگادارم ولەنزیکەوە موتابەعەم کردوە دەبینم لەجی ی ئەوەی تەکانێك بەبزاوتی ئەدەبی کوردی بدات بەپێچەوانەوە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك دەنگی جوان ئەخنکێنێت و نائومێدیان ئەکات و ساردیان ئەکاتەوە لەنوسین پێچەوانەی هاش و هوشەکانی فیستیڤاڵ مەلا بەختیار ئەڵێت ئامانجمان دەستگرتنی ئەو دەنگانەیە کەدێنە نێو بواری ئەدەبی کوردیەوە .بەو حوکمەی ساڵانێکی دورو درێژ لەنزیکەوە تێبینی (شیعر وچیرۆك ولێکۆڵینەوەم )کردووە هەمیشەبراوەوی خەلآتەکان کەسانێکی ئاشنا بەیەکێتی و شەخسی مەلا بەختیارن و پێشتر دیاری کراون کە کێ بەرنە ڕێزی پێشەوەو بەزۆر بەخەیاڵی خۆیان کەسایەتیان بۆ دروست بکەن!ئەوەی لەهەمووی سەمەرەترە بەشداری کردنی چەند کەسێکی وەك ئاری و ڕۆژ هەڵبجەییە کەهیچیان ئەوئاستەیان نیە بتوانن شانازی بەو خەلآتانەوە بکەن بەلآم فیستیڤاڵێك حیزب پارەی بۆ خەرج بکات هەر خزمەت بەئەندام و هەوادارەکانی خۆی ئەکات و ئەمساڵیش ئەم ڕاستیە بەڕونی وئاشکرایی دەبینرا.خاڵێکی تر کە مەلا بەختیار ئیشی لەسەر ئەکات ڕاکێشانی خەڵکی هەڵەبجەیە بەلای خۆیدا بەهۆی ئەوەی هێشتا ئەندام وهەوادارانی حیزبەکەی لەوشارەدا بەئاستی پێویشت بوونیان نیەو بەتەزویریش لەهەڵبژاردندا وەزوعەکەیان بۆ پینە ناکرێت.خاڵێکی تری نابووتی ئەم فیستیڤاڵە کەنارگیرکردن وگۆشەگیر کردنی ئەودەنگە دیارانە بوو کەسەربە حیزبەکەی مەلا بەختیار نەبوون ئەویش ئەو دوودەنگە جیاوازەی فیستیڤاڵەکە بوون(نەمام شێخ بەکر و هەردی شەفیق)کەزۆرترین ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە لایان وابوو تەنها ئەم دوو دەنگە توانیویانە لەنێو سەرجەم دەقەکانی خۆیاندا ئیسپات وجودی خۆیان بکەن و خەڵکی ئامادەبووی فیستیڤاڵەکەش لەکاتی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەدا تاکیدیان لەسەر هەمان ڕاستی کردەوە.خودی مەلا بەختیاریش کە حزوری هەبوو لەو گفتو گۆو موناقەشەکردنانەدا نەیتوانی دان بەو ڕستیەدا نەنێت بەلآم ئەو دونیای بەرژەوەندی حیزبەکەی زۆر لاگرنگترە لەئەدەب و لێکۆڵینەوەو ...هتد.

بالەمەلا بەختیار بپرسین ئەو چی دەربارەی شیعر ئەزانێت شیعر هەڵ ئەسەنگێنێ و خۆی ئەوانەی مەبەستیەتی ئەخاتە کەوانەوە بۆ خەلآت وەرگرتن و لیژنەیەکی کارتۆنی بۆدروست ئەکات تاشەرعیەت بە کارە ناهەقیەکانی بدات؟؟!بەندە وەك ئامادەبوویەکی ئەمساڵ و ساڵانی پێشتریش پێم وابوو زۆر بەی دەقەکان وەك ئەوە وابوون لەبەر یەك نوسرابن ویەك کەس نوسیبێتی و جگە لەچیرۆکێك و دوو دەقی شیعری کە تەواوی ڕاو سەرنجی چۆنێتی ئەم فیستیڤاڵەی بۆخەڵکی ئاشکراکرد.زۆرێك لەخەڵکانی ڕۆشنبیری دەرەوەو ناوەوە ڕاو بۆ چوونی خۆیان دەربڕی بەلآم خۆ ئەوان ناتوانن لەبەر هۆکاری حیزبایەتی سودی لێببینن هەربۆیە خەڵکی سلێمانی لەو فیستیڤاڵەدا بەدەگمەن دەبینران وخەڵکی دەرەوەش هەرزوو بەزوو لەوەزعەکە حاڵی بوون.

وەك من گوێم لێبوو مەلا بەختیار هەموو ساڵێك بەڵێن ئەدات ساڵی داهاتوو باشتر ئەبێت لەپار بەلآم بەتاکید ساڵ بەساڵ زیاتر حیزبایەتی تیا تۆ ختر ئەبلیتەوە .وەك ئەوەی ئەمساڵیش فیستیڤاڵ بەردەوام بێت  و هەرساڵەی کۆمەڵێك بابەتی کرچ و کاڵی خۆیان بەرنەپێشەوە واسیتەو حیزبایەتی پێوەری باشی وخراپی بێت ئەوا بەتاکید فیستیڤاڵەکە ئەبێتە شوێنی خەلآتی بۆگەنکردنی ئەدەبیاتی کوردی و سوککردنی ئەدەبی کوردی وەك ئەوەی تاڕادەیەکیش بووە.لەخەلآتی لێکۆڵینەوەش هەر بەو شێوەبوو لیژنەش هەر بۆ ئەوە بوو بڵێن لەفیستیڤاڵی گەلاوێژدا لیژنە بوونی هەیە دەنا لەسەر ئەرزی واقیع لیژنەکە نەك لەنێودنیای نوسیندا دیار نین بوونیشیان نیەو با خوێنەرانیش بپرسن کێ تائێستا نێوی (داناعسکرو سەلاح موحەمەدو عەبدول موتەلیب)ی لەکولەکەی تەڕیشدا بیستووە؟؟!یامحەمەد کەریم ومحێدین و سابیر ڕشید؟؟!!کێ دیویەتی کابرا شاعیربێت وچیرۆکنوسبێت و ڕخنە گرنەبێت و هەڵسەنگاندن بکات و باشی و خراپی دیاری بکات ئاخر ئەمە کاری کەسانێکی نەشارەزاو کاڵفامی ئەم تەرزە مرۆڤانەیە لەهەموو شتێك ئەچن لەنوسەرو شاعیرو ڕەخنەگرێکی بەهەلۆێست نەبێت؟؟!لەوەش گوناهتر ئەو کەسانەی بەشداربووی فیستیڤاڵ و ئەندامانی بەشداربوو کەسانی ڕۆشنبیر چۆن تائێستا

دەرەنجامە خراپەکانی ئەم فیستیڤاڵەنابینن لەسەر ڕۆشنبیری کوردی کە خەریکە بەرەو داڕوخان ئەچێت بە هۆی سەقەتی شیعرو چیرۆك و شەرعیەتپێدانی و خەلاَت کردنی؟؟ بەچی شەریعەتێك ناکۆکی ئەنـدامانی لیژنـەی فیستیڤاڵ ببێتـە سـەبەبکاری خراپـی یـان باشکردنی دەقێك وشەرعیەت پێدانی ئەمە لەقانونی کام سەدەو قوتووی کام عەتاردا هەبووە؟؟!یا نـاکۆکی نێـوان سـەرۆکی بنکـەی گەلاوێـژو جێگری سەرۆك وئەندامانی بنکە بـۆ ببێتـە هـۆی شـەرعیەتپێدانی کـاری خـراپ بەباشـو بـە بەخراپ؟؟ئـەی بـۆ نەپرسـین ئـەو درۆ گەورەیـە چیـە کەئەڵێن دەقێك ناوی خاوەنەکەی لەسەر بووە زەڕبمان پیا هێناوە و ناوی کەسەکانمان کوژاندووەتەوە خۆ دەلییەلـەکان کـەناوی دەقـەکان و نوسەرەکانیان لەسەر بووە لای ئەوان چاپکراوە؟؟یان بەچ پێوەرێك لەفیستیڤاڵەکان دا بەڕۆژی ڕوناك مەلابەختیار بەباشو بەخراپ ڕیکلام بۆ ئەم و ئەو ئەکات وەك شکاندنی (غەمگین کۆساری)و پیاهەڵدانی ڕۆژ هەڵبجەیی و کردنی بەفەڕوغی فەڕوغزادی کوردی کەتەنها لـەوەدا لەیەك ئەچن هەردووکیان مێینەن دەنا کەسێك ڕۆژێك فڕوغی خوێندبێتەوە چۆن دەستی لـەئازارەکان وبرینـەکانی گـەڕو گولـەکان داوە و لەئامێزی گرتوون و سـەیری بەرخورد وهەڵس وکەوتی ڕۆژیشی کردبێت لەفیستیڤاڵ و کۆڕ و قوتابخانەشدا ئەزانێت ئەوە کوفرێکی چـەند گەورەیە!!

من هەرلێرەوە بە مەلا بەختیاری سیاسەت وان ورۆشنبیرو لێکۆڵـەرو ڕەخنـە گـرو گۆشـەنوس وەرزشـکارو ڕهێنـەری تـۆپی پـێ ی گـەورەی کورد ئەڵێم ئەگەردەیەوێت من بەدرۆ بخاتەوە کەمن ناهەقیم پێکردوون باشیعرو چیرۆك و لێکۆڵینەوەکان بخاتە سەرسایتەکان و خەڵکانی شارەزا قسەی لەسەر بکەن و تاچوار کەسی شارەزا قسەی لەسەربکەن نـەك کۆلکـە خوێنـەوارەکانی بـەنێو لیژنـە حیزبیـەکان.نـەك ئـەوەی ڕیکلام بۆ ڕۆژ بکات و لەسەر مەنەص و لەخوارەوەش وەك مەلای دیوەخان گەورەیان بکات چونکە میزەڵان چەند بەهەوا گەورەی بکـەیت دەرزیك بەسە بۆ فش بوونەوە.نەك ڕۆژبڵێت ئەمجارە خەلاَتی منی تیا نەبێت خۆم ئەسوتێنم و هەرچیش سەر پۆشی بەسەرەوە بـوو لای تـۆ کـافر بێـت و ناویشـی لەکولەکـەی تەڕانـەبێت .وەك ئەنـدامانی حیزبەکەشـت ئـەڵێن لەهەڵبـژاردنی کوتلەکـەی حیزبەکەشـتدا هـەمان سیاسەت پەیڕەو ئەکەیت.